ئەستێرەی جیهانی کریستیانۆ رۆنالدۆ لەبارەی گواستنەوەی مەسی بۆ خولی سعودیە وەڵام دەداتەوە

ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ رۆنالدۆ، کاپتنی یانەی ئەلناسری سعودی، لەبارەی ئەگەری ئەوەی ئەستێرەی ئەرجەنتین لیۆنێل مەسی و ئەستێرەکانی دیکەی تیپی پێ لە خولی سعودیە یاری بکەن، پرسیاری لێکرا سەبارەت بەو وشانەی کە دەیەوێت بەو یاریزانانە بڵێت کە بیر لەوە دەکەنەوە ببنە بەشێک لە خولی سعودیە وێک مەسی، و هەردوو یاریزانی ئیال مەدرید، کەریم بنزیما و لوکا مەدریچ و ئەستێرەکانی دیکە، ڕۆنالدۆ وەڵامی دا و وتی: "ناوە گەورەکان و یاریزانە گەورە یان گەنجەکان، هەموویان بەخێرهاتنیان دەکرێن و خولی سعودیە باشتر دەبێت ئەگەر بێن".

گرێبەستەکەی لیۆنێل مەسی تەمەن 35 ساڵ لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمان لە 30ـی حوزەیراندا کۆتایی دێت و پێشبینی ئەوە هەیە کە بەوات بە یانەی ئەلهیلالی سعودی، کە گەورەترین گرێبەستی پێشکێش بە لیە کرد لە مێژووی تیپی پێدا.

بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکانی ئیسپانیا، ئەلهیلال گرێبەستەکی پێشکێش بە ئەستێرە ئەرجەنتینیەکە کردووە کە بەی 1.2 ملیار یۆرۆ لەخۆ دەگرێت لە ماوەی دوو ساڵدا یان 600 ملیۆن یۆرۆ لە ساڵێکدا، ئەمەش زیاتر لە دوو ئەوەندەی کە ڕۆنالدۆ ئێستا لەگەڵ ئەلناسری سعودی وەریدەگرێت.